# نەشتەرگەری ج



**لەئێستادا ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری بەهەموو شێوەکانییەوە، بووەتە دیاردەیەکی باو بەگشتی و هونەرمەندان و ڕاگەیاندنکاران بەتایبەتی لەسەرتاسەری جیهان، بەحوکمی ئەوەی لەوڵاتانی دەوروبەری کوردستانیش ئەم دیاردەیە پەرەی سەندووە، ئەوا خەریکە لەکوردستانیش سەرهەڵدەدات. ئەگەرچی کەم کەس هەن دان بەئەنجامدانی بنێن، ئەمەش لەبەر قسەوقسەڵۆکی کۆمەڵگە یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکە بێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت پێویستە ئافرەت بەڕووخسارێکی گونجاو لەسەر شاشە و لەپێش جەماوەر دەربکەوێت، جا هونەرمەند بێت یان پێشکەشکار و بێژەر، سەبارەت بەم بابەتە چەند هونەرمەند و ڕاگەیاندنکارێکمان بەسەرکردنەوە بەمشێوەیە وەڵامیان داینەوە.**

«نەشتەرگەری جوانکاری و ماکیاجی زیاد لەپێویست ئافرەتان ناشرین دەکات نەك جوان» ئەمە قسەی بەڕێز حاجی بێژەری کەناڵی ئاسمانی کوردستانە، ئەو دەڵێ: دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری دەمووچاو دەگەڕێتەوە سەر شێوەی جاران ئەگەریش زووتریش نەگۆڕێت، بێگومان هەموو کەس دەزانن ئەم جوانیە سرووشتی نییە، بەڵکو دەستکردە، لایەنێکی دیکەش چاولێکەری ناو کومەڵگەیە بونموونە لەوڵاتی ئێران هەرکەسێك نەشتەرکدگەری جوانکاری لووتی خۆی نەکردبێت بەشێوەیەکی جیاواز سەیری دەکەن، چونکە زۆربەی کچان و کوڕانی ئەو وڵاتە نەشتەرگەریی لوتیان کردووە.. لەکوردستان هێشتا باو نییە بەو شێوەیەی وڵاتی ئێران، بەڵام زور کەس دەچنە لوبنان و تورکیا بۆ ئەنجامدانی، من ناشرین بم یان جوان دەستکاری کاری خوای گەورە ناکەم پاشان هیچ کاتیك ئارەزووی ئەوەم نەبووە بەڕێگای نەشتەرگەری خۆم جوان بکەم، چونکە ئەوە لای من خەتی سوورە .

سەبارەت بەجوانی سروشتی و دەستکرد بەڕێز دەڵێ: بێگومان سروشتی دروستبوونی مرۆڤ زۆر جوانە و هیچ کەسێکیش نییە ناشرین بێت، جوانی مرۆڤەکان لای من لەناخیانە نەك لەڕووخساریان، خوای گەورە جوانی بەهەموو کەس داوە، بەڵام هەرکەسەو بەشێوەیەك، بۆیە لای من مرۆڤ بەسادەیی و سروشتی خۆی جوانە نەك موبالەغەکردن لەشێوەی ڕووخساری بەماکیاج یان نەشتەرگەری، بۆیە نەشتەرگەری جوانکاری و ماکیاجی زیاد لەپێویست ئافرەت ناشرین دەکات نەك جوان.

بەڕای شیفا گەردی بێژەری کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس، جوانکاری شتێکی زۆر ئاساییە بۆ هەموو کەس نەك ئەکتەر و بێژەر ئەگەر پێویست بێت، چونکە هەموو کەس حەز بەجوانی دەکات، پێموانییە تەنیا هونەرمەندان و بێژەران جوانکاری بکەن، بەپێچەوانەوە ئەوەندەی لەناو توێژەکانی تر جوانکاری ئەنجام دەدرێت، کەمتر ئەو پشکە بەر ئێمە دەکەوێت.

شیفا پێیوانییە کە نەبوونی متمانە بەخۆیان لەنێو ئافرەتان هۆکار نییە و ئەو

**هونەرمەندێک: ئەگەر تەمەن ڕۆی و پێویستیم پێ بوو لەوانەیە منیش جوانکاری بکەم، چونکە بمانەوێت نەمانەوێت ئێستا جوانکاری زۆر گرنگە**

# ـــــوانکاری هونەرمەند و بێژەران

ئا/ بەهرە سدیق

دەربڕینــە هەڵەیە بەرامبەریان، چونکە هەریەك لەهونەرمەندان دەچێتە ســەر شــانۆ یان هەر بەشــێکی تری هونەری ئــەوە خۆی لەخۆیدا بڕوابوونە بەکەسایەتی خۆی، بۆ ڕاگەیاندکاریش بەتایبەت بێژەر ئەوە تواناو لێهاتوویەکی زۆری دەوێ تابتوانن ئەو کارە بکەن، تا ئێســتا هیچ جوانکاریەکم ئەنجام نەداوە، بەڵام ئەگەر پێویست بێ زۆر ئاســاییە هەرچەندە جوانی سروشتی لای مــن لەهەموو جوانییەکانــی تر جوانترە، بەڵام من دژی ئەو جوانکاریەم کەدەبێتە هۆی شێواندنی ڕووخساری کەسەکە تا وای لێ دێت دەم و چاوێکی دەستکردی هەبێت.

خانمــە هونەرمەند نــازێ عەزیزی دەڵێ «مەســەلە خۆدەرخســتن نییــە، ئافرەتــی هونەرمەنــد بەگشــتی یان ئافرەت عاشــقی جوانییە، هەر ســاڵەو دەبێ بەســتایلێك دیار کەون، ئەم جوانکاریە ئێســتا زیاتر لەلوبنان باوە دوایــی لەئەمریکا، کەواتە بۆتــە مۆدەیەکی سەردەم، تەمەن دەڕوا پێست خراپ دەبێ دەم و لێــو و ددان هەمووی کاریگەری هەیە لەگەڵ تەمەن، چونکە ئەوانە هەمیشــە لەسەر شانۆ و شاشەی تیڤین دەبێ بەشێوازێك خۆیان بگۆڕن تــا ببینرێن، هونەری ئێمە ئێســتا زیاتر چاو لێکردنــە تاکو گوێ لێگرتــن، بۆیە ئافرەت دڵی بەئەمانە خۆشە، من تا ئێستا جوانکاریم نەکردووە هەر ماکیاج دەکــەم کە لەئەورووپاوە بۆم دێ، چونکە پێســتم خراپ نەبووە ئەگەر تەمەن ڕۆیی و پێویستیم پێبوو لەوانەیە منیش جوانــکاری بکەم، چونکە بمانەوێ نەمانەوێ ئێســتا جوانکاری زۆر گرنگە خەڵکەکە سەیر دەکا زیاتــر لەوەی گوێ بگرێ یان بیری لێ بکاتەوە، لەکۆندا ئەوە نەبوو من خۆم کەمنداڵ بووم هونەرمەنــد هەبوو حەزم دەکرد وێنەکەی ببینم، بەڵام ئێستا زۆر لەسەر تیڤی و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەردەکەون، بۆیە جوانی بۆتە مەرج بۆهونەر، بابڵێین ئێستا هونەرمەندە ئافرەتەکانی کــورد هەموویان کردویانە، من نەپارەم هەیە و نەئەوەندە ناشــرینم جوانــکاری بکەم، ئەمڕۆ بــۆ ناوبانگ جوانــی زۆر زۆر گرنگ بووە و شــتێکی باوە، جوانی لەگەڵ پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیا گرنگ بووە، من وەکو نازێ هیچ کات ســیفەتی ئینسانەکان یان دڵ و دەروونی ئینسانەکان ناتوانم لەڕووخساریان ببینم، بەڵکو لەدەنگ و ئیحساسیان هەستی پێ دەکەم، بۆ من جوانی گرنگ نییە، ئێمە دەتوانین لەشمان ڕێك ڕابگرین وەك و قیافەو نەهێڵین قەڵەو بین واتە جوانیەکە سروشتی بێت».

مــەروە محەمــەدی ئەکتەری شــانۆ و دراماکان پێیوایە ئەگەر پێویست بێت ئاساییە نەشــتەرگەری بکرێت، بەڵام نەك بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری شــێوە گۆڕیــن وەکو ئەوەی ئێســتا باوە کە بەلامەوە هیچ پێویســت نییە، زۆر جوانتــرە هونەرمەند بەسروشــتی خۆی دەرکەوێت، مــەروە هەروەها دەڵێ: زۆر کەس هەیە باســی ئەوە ناکات کە نەشــتەرگەری جوانکاری ئەنجام داوە، بــەڵام کاتێك یەکێك نەشتەرگەری دەکات بۆچی باسی ناکا؟

هەر ســەبارەت بەم بابەتــە بێژەری کەناڵی ئاسمانی کوردسات نیشــتمان وتی «ڕواڵەت واتە زاهیری مرۆڤ قســەی یەکەم دەکا بۆ هونەرمەند و میدیاکار حاڵی حازر ئەنجامدانی جوانکاری مانــای ئەوە نییە بڕوایان بەخۆیان نییــە، بەڵکــو جورئەتێك بەکەســەکە دەدات لەڕووی ئەدا و نواندنەوە، ئێستا وەکو دەبینین تارادەیەــك ئەو حاڵەتە کەم بۆتەوە و ئەو دوو توێژە کەقســەی لەســەر دەکەین پتر خۆیان ڕۆشنبیر دەکەن تا وەکو گرنگی زۆر بەڕووخسار بدەن، نە ئەداو نواندن، بەڕای من کەســایەتی لەسەرووی هەموو شــتێکەوەیە دوایی ئاستی ڕۆشنبیری و ئینجا جوانی ڕووخسار.

فابیان عەون ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری گۆڤــاری «تەندروســتی لوبنانی» لەبارەی ئــەو بابەتەوە دەڵــێ: هونەرمەند هەمووکات پێویستە جوانتر بێ بۆئەوەی زۆرترین هاندەر و جەماوەری هەبێ، شەرم ناکات، بەڵام دەیەوێ ئەوە نیشــان بدات کەهونەرمەندێکی ئاسایی و ســادەیە و تەقلیــدی ئەوانی تــر ناکات، ئەوەش لەبیــر نەکەین کاتێــك ئافرەت هونەر وەکو پیشە وەربگرێ دەگەڕێ بەدوای ئەوەی زۆر وروژێنــەر بێ، چونکە بــەدەر لەهەموو مەرجەکانی تر وەك ئەدا و لێهاتوویی و توانا، ئێستا پێویســتە هونەرمەند و بێژەر بەشێوەیەك دەربکەون کــە مەقبول بێــت لای جەماوەر، ئەوەش پێویســتی بەگەورەکردنی ســینگ و لێوەکان هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ســۆلاریۆم بۆ گۆڕینی ڕەنگی پێستی.

**ڕۆژنامەنووسێکی لوبنانی:**
**کاتێک ئافرەت هونەر وەکو پیشە وەربگرێ دەگەڕێ بەدوای ئەوەی زۆر وروژێنەر بێ**











# مايلي سايـــرس لەخەتدا گيرا



لەڕووداوێکی ســەیر و چاوەڕوان نەکراودا کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی مایلی سایرۆس ئاشکرای کرد کــە ماریوانا زۆر دەکێشـــێت، بـــەڵام دواتر قسەکەی خۆی بەدرۆ خستەوە.

سایرۆس لەئاهەنگی ١٩ ساڵەی لەدایکبوونیدا لەنێو دۆســت و هاوڕێیانی ئەم قسەیەی درکاند، دواتــر هەر زوو بە گاڵتەی وەســف کرد و گوتی تەنیــا بۆ خۆشــی و پێکەنین ئەو قسەیەم کرد، بەڵام چەند ڕۆژێك بەر لەو ئاهەنگە ســـایرۆس و هاوڕێیەکی لەشـــوێنێکی فرۆشتنی ماریوانای پزیشکیدا بینران لەلۆس ئەنجلۆس.

لــەو ئاهەنگەدا کێکێك بەدیاری بۆ سایرۆس هێنرابوو لەسەر شێوەی گۆرانیبێژ پـــۆپ مارلی کە بەناوبانگــە بەکێشـــانی ماریوانـــا، ســـایرۆس ئەم دیارییـــەی زۆر بـــەدڵ بـــوو و گوتـــی: کاتێك هاوڕێکانـــت دیارییەکی لەو جۆرەت بۆ دەهێنن وا هەست دەکەی کە تۆ زۆر ماریوانـــا بەکاردەهێنی، هەندێـــك لەئامادەبووانی ئاهەنگەکە ئەم قسانەیان بەدانپێدانانێکی ئاشـــکرای سایرۆس لێکدایەوە کە ماریوانا بەکاردەهێنێت.

# میل سی واز لەشێوازە وەرزشییەکـــــــــــــــ



میل ســـی ئەســـتێرەی گرووپی (Spice Girls) بە(«Sporty Spice) ناســـراوە ئەمەش بۆ جەســـتەی وەرزشی و خۆشەویســـتی بۆ وەرزش دەگەڕێتەوە کە بەردەوام بەشێوەیەکی چڕ ئەنجامی دەدات.

سەرەڕای ئەوەی کە چەند ساڵێکە لەگروپەکەی جیابۆتەوە، بەڵام میل سی بەهیچ شـــێوەیەك لەئەنجامدانی مەشقی وەرزشـــی خۆی دوور نەکەوتۆتەوە و بەردەوامە لەئەنجامدانی، لەئاهەنگێکی خێرخوازیدا کە لە لەندەن ســـاز کرا، میل سی بە لەشە وەرزشییەکەی دیسان سەرنجی ئامادەبوونی ڕاکێشا و هەر لەچوارچێوەی ئەم ئاهەنگە ڕایگەیاند کە بە هیچ شـــێوەیەك و لەهەر بارودۆخێکدا بێت واز لەوەرزشی خۆی ناهێنێت.

یەکێـــك لەو شـــتانەی کە زۆر ســـەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشـــا ئەو تاتۆی ئەژدیهایە بوو کە لەســـەر قاچی ڕاستەی نەخشـــێنرا بوو، چونکە پێشتر چەند جارێك ڕایگەیاندبوو کە زۆر پەشیمانە لەو تاتۆ زۆرانەی لەسەر لەشی هەبوون.

# یوسراش تـــــــ



خانمە ئەکتەری میسری یوسرا  بەئاشکرا ڕایگەیاند کەوا ترسێکی زۆری لەهەڵکشانی ڕەوتە ئیسلامییەکانی میسر هەیە بەتایبەتی بۆ سەر دوارۆژی هونەر لەو وڵاتە.

یوســـرا دەربارەی ئەم مەسەلەیە وتی: ترسی خۆم نەشاردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا چاوەڕوانی ئەوەین کە ئەو ڕەوتانە بەکردار چۆن هزر و پرەنسیپەکانی خۆیان دەربارەی هونەر دەخەنە و ڕوو و چۆن دەڕواننە هونەر و هەڵوێستیان بەرامبـــەر بەهونەر چی دەبێـــت، چونکە لـــەدوای هەڵبژاردنەکانەوە کە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا تا ئێســـتا هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرایان نییە، بەڵام من دەمەوێ شـــتێك ڕوون بکەمەوە ئەویـــش ئەوەیە هونەر ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە بۆیە پێویســـتە شتە باش و خراپەکان لەڕێگای هونەرەوە نیشانی خەڵك بدرێن و گفتوگۆ لەسەر گشت کێشە زەحمەت و هەستیارەکان بکەین کە کۆمەڵگەکەمان

# کاتی ئیرلاندی نمایشکاری جلوبەرگ خاوەنی ٣٥٠ ملیۆن دۆلارە



خانمە نمایشکاری پێشووی جلوبەرگ کاتی ئیرلاند توانی لەکاری ڕیکلام و نمایش کردنی جلوبەرگدا ببێتە یەکێك لەئافرەتە دەوڵەمەندەکانی جیهان.

کاتی ئێستا خاوەنی ٣٥٠ ملیۆن دۆلارە و خاوەنی نازناوی دەوڵەمەندترین نمایشکاری جلوبەرگە لەجیهان، ئەمەش بەپێی ڕاپرسییەك کە ماڵپەری (سیلیبرتی نت وۆرك) ئەنجامیداوە و ئەنجامەکانیشی بەم شێوەیە بوون:

لەپلەی دووەم جیزیل باندشین دێت بەبڕی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار و پلەی سێیەمیش سیندی کراوفۆرد بە١٠٠ ملیۆن دۆلار و تیرا بانکسیش بەپلەی چوارەم هات بە٩٠ ملیۆن دۆلار و کریستی برینکلی لەپلەی پێنجەم هات بە٨٠ ملیۆن دۆلار و هایدی کلۆمیش پلەی شەشەمی بەرکەوت بە٧٠ ملیۆن دۆلار و کایت مووس پلەی حەفتەم بە٥٠ ملیۆن دۆلار و ناومی کامبل لەپلەی هەشتەم بە٤٨ ملیۆن دۆلار و ئیل ماکفرسۆن لەپلەی نۆیەم هات بە٤٥ ملیۆن دۆلار و لەپلەی دەیەم و کۆتایی کلۆدیا شیڤەر هات بە٤٠ ملیۆن دۆلار.

# لەتیفە تونسی دەرکرا



خانمە گۆرانیبێژی تونسی لەتیفە لەیەکێك لەفرۆکەخانەکانی سعودیە تووشی ڕووداوێکی ناخۆش هاتەوە کاتێك ڕێگای پێنەدرا بچێتە نێو خاکی سعودیەوە.

بەپێی هەواڵەکانی ماڵپەری (عیون عالفن) کە لەچەند سەرچاوەیەکەوە هەواڵەکەی دەستکەوتبوو، ڕێگا بەلەتیفە نەدراوە بچێتە نێو خاکی سعودیە بۆ سازکردنی ئاهەنگی ژنهێنانی دەوڵەمەندێکی ئەو وڵاتە، هەرچەندە لەتیفە خۆی بەچەندین ڕێگا و شێواز هەوڵیدا ڤیزەیەك وەربگرێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ڕێگای پێ نەدرا و دوای مانەوەی چەند کاتژمێرێك لەفرۆکەخانە ناچار بوو بگەڕێتەوە و تا ئێستاش هۆکارەکانی ڕێگە نەدانی ڕوون نەکراوەتەوە.

# ـــەی خۆی ناهێنێت



# ـــرسی هەیە

بەدەستییەوە دەناڵێنێت، و بەهیچ شێوەیەك ناکرێ تەنیا لایەنە باشەکان نمایش بکەین و وا دەربخەین کە کۆمەڵگەکەمان نموونەیی و بێ کەموکوڕیە، چونکە ئەو کات لەڕاستییەکان دوور دەکەوینەوە و هونەریش دەبێتە درۆ و دوو ڕوویی.

یوسرا زۆر جار ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە فیلمەکانی زیاد لەپێویست ورووژێنەر و سەرنجڕاکێشن تەنانەت هەندێك جار هێڵە سوورەکانیش دەبەزێنن و ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکی سلبیان هەبووە لەسەر کۆمەڵگە، لەدیمانەیەکدا و لەوەڵامی پرسیارێك کە ئایا پەشیمان نییە لەو کارانەی ئەنجامیداون، بەئاشکرا گوتی: لەهیچ لەکارەکانی پێشووم پەشیمان نیم لەبەر هۆکارێکی بچووك ئەویش ئەوەیە کە هەر کەسێك لەئێمە هەڵە دەکات و بەدڵنیاییەوەش دڵنیم منیش کەوتوومەتە هەڵەوە، بەڵام ئەم هەڵانە نەگەیشتوونەتە ڕادەی پەشیمانی و زۆریش سوودم لەهەڵەکانی خۆم وەرگرتووە و هەوڵ دەدەم جارێکی دیکە ئەم هەڵانە دووبارە نەکەمەوە لەکارەکانی داهاتوومدا، چونکە مرۆڤ هەمیشە دەبێ پەند لەکارەکانی پێشووی وەربگرێت.

سەبارەت بەهێڵە سوورەکانیش کە ناکرێ بیانبەزێنیت، یوسرا دەڵێ: لەهونەر بەگشتی و سینەما بەتایبەتی شتێك نییە ناوی بنێین (هێڵی سور)، چونکە سینەما پێویستی بەهەموو شتێکە، ئەم هێڵانەش وەك وتم ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی واقعن، بۆیە من دژی ماچ کردن یان دیمەنی ورووژێنەر نیم ئەگەر بتوانرێ بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەکار بهێنرێ و سوودی لێ وەربگیرێ، پێویستە سینەما بچێتە خەیاڵی بینەرەوە و بەرووداوەکانی قەناعەت بۆ بینەر دروست بکات، ئەگەر لەمەیان سەرکەوتوو نەبووین، ئەوا بێگومان چەند فیلمێکی ئاست نزم پێشکەش دەکەین کە لەگەڵ مێژووی ئێمەدا ناگونجێت.

# سینەمای کوردی ستایلی خۆی دەگۆڕێت



## سینەمای کوردی سینەمای کێشەیە

لە سەرەتای سەرهەڵدانی سینەمای کوردیدا هەوڵیداوە خۆی بە سینەمای کێشە و سینەمای بابەت بناسێنێت و کێشەی گەل و میللەتی چەوساوەی کوردی بە دونیا گەیاند، ئەویش لە ڕێگای چەند فیلمێکی سینەمایی کوردییەوە کە دەنگدانەوەیەکی بەرچاویان لە نێوەندی هونەری سینەمادا درووستکرد.

لەوانە فیلمە گەورەکەی (یەڵماز گونای) (ڕێگا)و فیلمی (گۆرانییەك بۆ تۆ)ی نیزامەدین ئارەج و فیلمە جوانەکانی بەهمەنی قوبادی لە دوو دەیەی یەکەمی سەرهەڵدان لە شوناسی سینەمای کوردی، ئەو سینەمایەی پتر سینەمای خەباتی گەلێك بوو لە دواتر هەوڵدرا لەلایەن چەند هونەرمەندێکی دیاری کوردەوە سینەماکە بەرەو ستایلی دەرهێنەر بچێ، بەڵام هەر لە چوارچێوەی سینەمای کێشەدا، سینەمای دەرهێنەریش بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو سینەماکەیان بگەیەننە بۆنە و فیستیڤاڵە سینەماییە جیهانییەکان کە ئەویش دوو مەبەستی هەبوو، یەکیان ناساندنی سینەما و کێشەی وڵاتەکەیان بە جیهان، دووەمیشیان دەرخستنی ناساندنی خۆیان وەك دەرهێنەر، ماوەیەکیشە ستایلی سینەمای دەرهێنەر لەچوارچێوەی سینەمای کوردیدا بەردەوامە وەك فیلمەکانی ئێستای (بەهمەنی قوبادی) و (هونەر سەلیم).

بەڵام کێشەی هەردوو ستایلە سینەماییەکەی کوردی (سینەمای کێشە و سینەمای دەرهێنەر) لەوەدایە تەنیا توانیویانە بگەنە بۆنە و فیستیڤاڵی جیهانی سینەمای و گەورەترین پێکهاتەی درووستبوونی سینەمای نەتەوەییان لە دەستداوە کە ئەویش بەشداری بینەرەو جەماوەری ناوخۆی کوردستانە لە بینینی ئەو فیلمانە، چونکە ئەو فیلمانە لە بنەرەتدا بۆ دەرەوە و دیدگای بینەرێکی غەیرە کورد درووستکراو،کە ئەمەشیان بۆ قۆناغێکی سینەمای کوردی زۆر گرنگ و بەرچاو



بوو، بەڵام مەسەلەیەکی زۆر جوان هەیە دەڵێت عالەمیەت یاخود بە جیهانی بوون لە محەلییەتەوە یاخود لە نێو خۆیەوە دەست پێدەکات، واتە دەکرێ فیلمێکی سینەمایی کوردی هێندە جوان بێت، ساکار و بەرچاو بێت بینەری ناوخۆ و دواتریش بینەری دەرەوە لەخۆی کۆ بکاتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو حاڵەتە لە سینەمای کوردیدا رووی نەداوە، چونکە ئەمەیان پێویستی بە دیراسەت و گۆڕینی ستایل هەیە کە ئەمەش کارێکی وا ئاسان نییە.

**هونەرمەندان بیر لە گۆڕینی ستایل دەکەنەوە**

هەڵبەتە مەسەلەی بینەری ناوخۆ و جەماوەری کوردستان و بەشداری خەڵك لە دروستبوونی سینەمای کوردی بە بینینی بەرهەمەکانی سینەمای وڵاتەکەیان جێگەی بیر کردنەوە و خولیای زۆربەی هونەرمەندانی بواری سینەمای کوردییە، چونکە بەشداری بینەری کوردی لە سینەمای کوردیدا یەکێکە لە پەیژە هەرە گرنگ و سەرەکیەکانی سەرکەوتنی سینەمای کورددا، دەمێکە ئاگاداریشم ئەو خولیایە لە مێشکی هونەرمەندی گەنج و خوێنگەرم (حەسەن عەلی) دەخولێتەوە، تەنانەت ساڵانێکە نەخشەی بۆ دەکێشتی، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی داوە بەرهەمێك ئامادە بکات بە پشتگیری و سپۆنسەری کەرتی تایبەت لە کورستاندا بەرهەم بێت، بەڵام دواتر بیر کردنەوەی گۆڕا، یەکەم ئەزموونی خۆی بە گۆڕینی ستایل لە سینەمای کوردیدا بە پاڵپشتی حکومەت ئەنجامداوە کە ئەویش بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی (شیرین) بوو کە تەواوی ستایلی سینەمای کوردی لە سینەمای کێشە و دەرهێنەر بۆ سینەمای ئەستێرە دەگوازێتەوە.

سینەمای (ئەستێرە)ش پشت بە بەشداری ئەکتەر و هونەرمەندی ئەستێرە دەبەستێت کە لە بنەرەتدا سەرکەوتنی جەماوەر لە رێگەی بەشداری ئەو ئەستێرانەوە بۆ فیلمەکە پەیدا دەکات.

**شیرین و سینەمای ئەستێرە**

فیلمی (شیرین) سیناریۆ و دەرهێنانی هونەرمەند حەسەن عەلی کە دووەم کاری سینەمایی خۆیەتی پاش فیلمی (گەرەکی داهۆڵەکان)، لەو فیلمەدا سەرەتا هونەرمەندان (شوان عەتوف ناسراو بە بارام) و (لۆکە زاهیر)ی گۆرانیبێژ دەستنیشان کرابوو، بەڵام دواتر لە جێگەی لۆکە هونەرمەند (بەیان عوسمان ناسراو بە وەنەوشە) بەشدار بوو.

(بارام و ونەوشە) (شوان عەتوف و بەیان عوسمان) دوو ئەستێرەی دیار و بەرچاو و دیارن لەلای بینەر و جەماوەری کوردستان کە لە زنجیرە درامای (گەردەلوول)ی هونەرمەند جەلیل زەنگەنە دا دەرکەوتن. (حەسەن عەلی)ی هونەرمەند هەوڵیدا ئەو دوو کاراکتەرە دووبارە لە قاڵبی فیلمێکی سینەماییدا درووست بکاتەوە کە مەبەستی سەرەکی سەرنجراکێشان و کۆکردنەوەی بینەری کوردە لە سینەمای کوردیدا ئەمەشیان خاڵێکی زۆر گرنگ و پێویستە.

فیلمی (شیرین) باس لە سەربوردەی خۆشەویستی دەکات لەنێوان کورێك کە لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان لەگەڵ کچێك کە لە بەشی فەرەنسیدا دەخوێنێت، زۆر ئاخافتنی فیلمەکە بە فەرەنسییە نیوەی فیلمەکە لە فەرەنسا بەتایبەتی پاریس وێنەی گیراوە، بۆ ئەوەی (بارام و وەنوشە) بتوانن بە فەرەنسی قسە بکەن چەندین خولی زمانی فەرەنسییان بۆ کراوەتەوە، فیلمەکەش لەلایەنی هونەرمەند و وێنەگری پرۆفیشناڵی هیندییەوە بە ناوی (بابۆ) وێنەی گیراوە، بەشی کوردستانی تەواو بووە و بەشی فەرەنسای ماوە.

**زمانی فەرەنسی و دیمەنی فەرەنسی و وێنەگری هیندی لە سینەمای کوردیدا**

هەڵبەتە بیر کردنەوەی (حەسەن عەلی) بۆ ئەنجامدانی ئەو فیلمە هەروا سانا و ئاسان بە مێشکیدا تێپەرنەبووە، ئەو (٥) خاڵ لەلا گرنگ بووە کە ئەمانەن:

١-گۆڕینی ستایل لە سینەمای کوردیدا بە مەبەستی هەمە چەشنی (تنوع).



٢- کۆکردنەوە و بەشداری بینەر و جەماوەر کوردستان لە سینەمای کوردیدا، بەجۆرێك سینەمای کوردی هەر بینەر و جەماوەری تێچووی خۆی دەست بکەوێتەوە.

٣-هێنانی وێنەگرێکی هیندی بۆ ئەوەی فیلمەکە لە شێواز و ستایلی هونەری و ئەتفۆسمیر و شێوە لە سینەمای هیندی بچێت.

٤-بەکارهێنانی (ئەستێرە) لە سینەمای کوردیدا بۆ پتر بڵاوکردنەوەی فیلمەکە لە نێو جەماوەردا و کۆکردنەوەی سپۆنسەر و ریکلامی بازرگانی لە ئایندەدا.

٥- بەکارهێنانی وڵاتی فەرەنسا و زمانی فەرەنسی بۆ ئەوەی هەم فیلمەکە جوانتر و فراوانتر بێت، هەمیش سوود لە بە جیهانی بوونی فیلمەکەی و نزیك بوونەوەی لە بۆنە و فیستیڤاڵە فەرەنسییەکان مسۆگەر بکات، ( حەسەن عەلی ) دەیەوێ هیچ نەدۆڕێنێ و هەموو شتێك قازانج بکات بۆیە زۆر زیرەکانە مامەڵەی کردووە و جێی خۆیەتی دەستخۆشی لێبکەین.

جگە لەمە ئەوەش ناشارینەوە کە هەمدیس (حەسەن عەلی) جیا لە مەبەستە تۆزێك بازرگانییەکەی، بەڵام زۆر بە وردبینانە و هونەریانە کاری کردووە رەنگە فیلمەکەی لەرووی وێنە و زمانی سینەماوە فیلمێکی زۆر جوان و سادە و هونەری بێت بەتایبەتی لەرووی ئەتفۆسمیرو لۆکەیشنی رەنگ، چونکە لە وەرزێکی زۆر جوان و لە شوێنی زۆر جوان و جیاجیای کوردستان وێنەی کێشاوە، ماوەتەوە ئاماژە بکەین کە فیلمەکە بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیری و بەرێوەبەرایەتی سینەمای هەولێرە.